بومەلەرزەیەکی بەهێز دورگەیەکی ئیندونوسیای هەژاند

بوومەلەرزەیەکی بەهێز دوێنێ هێنێی بەشێک لە دوورگەی سەرەکی جاڤای ئیندۆنوسیا و دوورگەی بالی گەشتیاری هەژاند و بووە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ، بەڵام هیچ ڕاپۆرتێکی دەستبەجێ لەسەر زیانی گەورە و بریندار بوون نەبوو.

ئەکخراوی لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی ئەمریکا ڕایگەیاند بوومەلەرزەکە بە پۆلەی 7 بەهێز بووە و ناوەندی بوومەلەرزەکە 96.5 کیلۆمەتر لە باکووری شاری بەندەری توبان لە پارێزگای جاڤای ڕۆژهەڵات لە قووڵایی 594 کیلۆمەتردا بووە.

ئاژانسی کێشناسی و جیۆفیزیای ئیندۆنوسیا ڕایگەیاند، هیچ مەترسیێک نییە بە ڕووداوی تسۆنامی، بەڵام هۆشداری دەدات لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی بوومەلەرزەکە.

لە هەندێک شوێن فەرمانی چۆلکردنی دەرچوو، لە ئێنجامدا ژمارەیەکی زۆر خەڵک چوونە سەر شەقامەکان.

ئەندەنوسیا کە زیاتر لە 270 ملیۆن کەسی تەدایە زەر جار ڕووبەڕووی بوومەلەرزە و تەقینەوەی گەکانی و تسونامی دەبەتەوە بەهۆی شوێنکەی لەسەر کەوانەکانی گەکانەکان و هەڕەهەکان لە حەوزەی هەمن کە بە "ئەقەی ئاگر" ناسراوە.

لە ساڵی 2004، بوومەلەرزەیەکی زەر بەهێز لە زەریای هیندی ڕوویدا بووە هۆی تسونامی لە ئەنجامدا بووە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە 230,000 کەس لە 12 وڵاتدا، کە زەربەیان لە پارەزگای ئەچەی ئەندەنوسیا بوون.